# من دەپرسم داواکردنی ئەو مافە سەرەتاییانە ئاژاوەگێرییە یان تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵکی؟

## گفتوگۆ لەگەڵ عەباس عەلی قادر ناسراو بە عەباسە رەش، یەکێك لە رابەرانو نوێنەرانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی کەلارو

## کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ئەندامی رێکخراوی بەمەدەنیکردنی کەلار- رزگاری

**ئۆکتۆبەر: سەرەتا برێك لە بارەی وەزعی خەڵکی کەلارو هۆیەکانی خۆپیشاندانەکەوە بۆمان بدوێ؟**

عەباس عەلی: هەرچی بڵێی ژیان تەنانەت بەمانا هەرە سەرەتاییەکانیشی لە سایەی دەسەڵاتی حزبەکانی حاکمی کوردستان نىیەو بۆ ساتێك ئاوڕیان لە ژیانی خەڵکی ستەم دیدەو بێبەشی کۆمەڵگا نەداوەتەوە. ژیانێك کە لە گۆشەیەکیەوە کۆمەڵێك غەرقی پوڵو ریفاهیەتنو لەو پەڕی کەیفو سەفای خۆیاندان و تاکە خەمێك گەر هەبێ، کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایەو دروست کردنی ئاپارتمانو سۆپەرمارکێتو ڕازاندنەوەی سفرەی چراخانەکانیانە، لەوبەریشەوە خەڵکێکی بەدبەختو زەحمەتکێش کە بە هەر هەموویان، ئەو مافانەی کە وەك مافی سەرەتایی لە هەموو دنیادا ناسراوە، وەکو ئاوی پاکی خوردنەوە، کارەبا، سووتەمەنی، خەونی گەورەو دوورەدەست دێتە پێش چاو. ئەم واقعیەتە یەشێوەیەك سایەی کردووە کە لە هەر کەسو لەهەر شوێنێکی کوردستان پرسیار لە خوێندکارێکی سەرەتایی، لە رێبوارێکی سەر شەقامەکان، مامۆستایەك، ژنێکی بەشمەینەت... بکەیت بەیەك شێوە وەڵامت دەدەنەوەو دزی کردنو تاڵانو برۆو فەسادی ئیداری بە سەرچاوەکەی دەزانن. بۆیە بۆ هەرکەسێك وەکو ئاهێکی لە گەرودا تاسێنبێت وا بوو و لە چاوەڕوانیدا بوو، بۆ کەسێك کە رابەرایەتی ئەم خواستو ویستانە بکاتو بەوەعدەو بەڵێنی چەند ساڵەی گوزەشتە، کڵاویان نەخەنە سەرو نەیان نیرنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەم شەرەفەش بە رێکخراوەکەی ئێمە برا. بۆیە خەڵکی ئەم جارە رۆیشتنەوە بۆ ماڵەوەی بەبێ وەڵام قبول نییەو ئەم هەناسەیە لە گەرو دەبێ رەهابکرێو بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان یەقەی ئەم دەسەڵاتدارە بگرینو وەڵامان بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەل یەك دەنگو هەنگاو هەلبرنیدا، ریزێکی بەرین، هەنگاوی بەدوای خویدا هێناو خۆپیشاندان دەستی پێ کردو چی دی خەڵك بە هیچ هێزو ترساندنێك باکیان نەبووو پەیتا پەیتا پەیوەستبووان بە خۆپیشاندانەوە زیاتر دەبوون.

**ئۆکتۆبەر: خۆپیشاندانەکە لەلایەن کێوەو چۆن بانگەوازی بۆ کرا؟**

عەباس عەلی: هەر دوو رێکخراوی" گروپی بەمەدەنی کەلار- رزگاری" و "ریکخراوی گۆران" پێکەوە پاش گفتوگۆ کردنی چەند رۆژەو قسەکردن لەسەر چۆنێتی بەرپاکردنیو دیاری کردنی رۆژی خۆپیشاندانەکە رێك کەوتین لە سەر ئەوەی رۆژی 4 شەممە 2005/9/7 بکەین بە رۆژی خۆپیشاندانەکە. بۆ ئەم مەبەستەش دەعواتنامە چی بۆ ریکخراوەو چی بۆ خەڵکێکی زۆر نێردراو ئاگادارمان کردنەوە لە رۆژو سەعاتو و شوێنی خۆپیشاندانەکەو بەو شێوەیە بەرپاکرا.

**ئۆکتۆبەر: برێك لەسەر رۆژی خۆپیشاندانەکە قسەمان بۆ بکە؟ چۆنو لەکوێوە دەستی پێکرد؟ خواستو شیعارەکان چی بوون؟**

هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا کە رۆژی خۆپیشاندانەکە ریکەوتی 2005/9/7 بووو بەردەمی سەنتەری هەلبجەمان وەکو شوێنی کۆبوونەوە دیاری کردبوو. کە شوێنێکی گونجاو بوو چونکە لەو شوێنەوە بۆ بەردەم قائیمقامیەی کەلار بەسەنتەری شاری کەلاردا تێدەپەریو هاوکات نزیك بەگەراجی گەرەکەکانی کەلار، کەلاری کۆن، کەلار شۆرش، کەلار رزگارییەو شوێنێکی دیارو ناسراو بوو وە کاتژمێر 9ی سەرلەبەیانیمان دانابوو بۆ دەست پێ کردنی خۆپیشاندان.

من سەرەتا کاتێ گەیشتمە شوێنی خۆپیشاندانەکە هاورێ بەرزان فرج لەبەردەم سەنتەری هەلەبجە وەستابووو چەند هاورێیەکی تر لە سیبەری ئوتومبلیك دانیشتبوون هەر کە گەیشتم هاوری بەرزانو برادەرانی تریش لیمان نزیك بوونەوە وە دوو لافیتەمان بەرزکردووەو تراکتمان دابەش کرد، پەیتا پەیتا بەبینینی لافیتەکان خەلکمان لێ کۆبووەوە، لەو کاتەدا کورێکی گەنجمان بەرەو روو هاتو پێی وتین کە خەڵکێکی زۆر لە سەنتەری شار چاوەنواری ئێمەن بۆ ئەوەی پەیوەست بن بە ئێمەوە لە پاش چەند هەنگاوێك کومەلێك پولیسو ئەفسەرێك بە پلەی نقیب بەرەو رووومان هاتو داوای لە من کرد کە خۆپیشاندانەکە بلاوە پێبکەین چونکە قائمقام رازی نىیە، منیش پیم ووت کە ئێمە هەر دەیکەین باشتر وایە حیمایەی بکەن! لەو کاتەدا هاورێیان داوایان لی کردم کە بگەرێمەوە نیو جەماوەرەکەوە کە گەرامەوە خۆپیشاندان کەوتەوە رێو هەر خەڵك بوو پەیوەست دەبوو. هاتوچوی ئوتۆمبیلی هەر دوو سایتی شارا راگیرا، پولیسو ئاسایشێکی زۆر رژانە سەر شەقامەکان لە کاتی گەیشتنمان بەبەردەم بنکەی پولیسی کەلار ئەفسەرێکی تر بە پلەی رائد لەگەڵ چەند پولیسێکدا هاتنە لامو پێیان وتم کە دەبێ بلاوەی لیبکەینو خۆپیشاندان نەکەین، بەهەمان شیوە پێم ووت کە لە نیو جەماوەرەکە دەرچنو حیمایەی بکەن!... خۆپیشاندان گەیشتە پێش قائیمقامیەتی کەلار هەر کە گەیشتینە بەردەم دەرگای قائیماقامیەتی کەلار داوایان لێ کردین کە نوێنەرەکان بێنە ژورەوە بۆ لای قائیمقام 3 کەس، من (عباس علی)، ریبین تەهاو برادەرێکی ریکخراوی گۆران کە ئێستا ناوەکەیم لە یاد نىیە چوینە ژورەوە ئەوەش بلێم رۆژنامەنووسو کامیرایەکی زۆر سەرقاڵی وینە گرتن بوون، پۆلیسو ئاسایش لەکاتی چوونە ژوورەوەمان بۆ حەوشەی قایمقامیەت کەوتنە لێدانی "رێبین تەها"، منیش هاوارم کرد ئەوە بەعسو رەفتاری بەعس نەبێت چىیە؟ قۆپچەیان بە کراسە شەرابیەکەیەوە نەهێشتبوو، هەرکە چووینە ژووری قایمقامیەتەوە، هاوارم کرد جەنابی قایمقام ئەوە رەفتاری بەعسە لەگەڵ ئەو برادەرەدا، ئەمە قابیلی قبووڵ نییە. تۆ دەڵێیت ئەو خەڵکە ئاژاوەگێرنو برۆن کۆنترۆڵیان بکەن، کەچی تۆ کۆنترۆڵی چوار پۆلیسی خۆتت

پێناکرێ. لەوێ ئەو یاداشتنامەیەی کە پێمان بوو دامانە دەستی قایمقام. هەرلەسەرەتاوە قایمقام هەوڵی دا کە ئێمە ئەو خەڵکە بنێرینەوەو تەنها قسە لەگەڵ ئێمەدا بکات، بەڵام ئێمە پێداگریمان کرد لەسەر ئەوەی کە جەماوەر دەیەوێت راستەوخۆ قسەیان بۆ بکەیت. هەڵبەت لەو کاتەدا زۆر کادرو بەرپرسانی حزبیی و حکومی شاری کەلار لای قایمقام بوون، دوای مشتومڕو کێشمەکێشێکی زۆر قایمقام چووە سەربانەکەو بە بڵندگۆیەکی زەعیفو لە دووری سەد مەترەوە ویستی قسە بۆ زیاتر لە دوو هەزار کەس بکات، ئەمەش دوای ماوەیەکی زۆر دوو سەعات لە کۆبوونەوەی خەڵکەکە تێپەڕ ببوو.. بۆیە خەڵکە کە زۆر تووڕە بوون لە درەنگ جوابدانەوەی قایمقامو هیچ کەسیش گوێی لە قسەکانی نەبوو.. هاواریان کرد "قایمقام بابڕوا.. بابڕوا". لەوکاتەدا قایمقام گەڕایەوە ژوورەکەی خۆیو منیش لەنێو جەماوەرەکەوە گەڕامەوە لایو پێم وت جەنابی قایمقام بەو بڵندگۆیە تۆ خۆت گوێت لە قسەکانی خۆت نییە، چۆن قسە بۆ جەماوەرێکی چەند هەزار کەسی دەکەی! هەر لەپاش چەند چرکەیەك جەماوەر هەوڵیاندا بێنە ناو قایمقامیەتەوە، بەڵام لەگەڵ گوللەی پۆلیسو ئاسایش بەرەورووبوون.. گوللە لە هەموولایەکەوە لەدژی خۆپیشاندەران داباری.. ئەوەبوو لەم نێوەدا "کاروان حەسەن، سامان نادر محمدو دابان محمد حەسەن" بریندار بوون لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کە بەداخەوە ناوەکەی نازانم.. کاتێك جەماوەرەکە بینییان ئەوان تەقەی کوشتنیان لێدەکەن، رقو تووڕەییان زۆر زیاتر بووو ئەوانیش کەوتنە پەلاماردانی دامودەزگا حکومیو حزبییەکانو ئەوەی لێکەوتەوە کە لێی کەوتەوە.. خەڵکێك کە بۆ داواکاری کارەباو ئاوو سووتەمەنی روویان کردە قایمقامییەتی کەلار بە گوللە وەڵامیاندرایەوەو چەند کەس بریندار بوون، کەچی بەرپرسە حزبیو حکومییەکانی یەکێتی ئەسەف بۆ ئۆتۆمبێلی سووتاو کۆمپیوتەرو... دەخۆن. ئەوان دەبوایە هەڵوێستی ئینسانیتریان نیشاندابا.. خەمی گەورەیان وەستانەوە بووایە لەبەرامبەر تەقەکردن لە خەڵکیو نەگەرانەوەی فەزای سەرکوتی 15-20 ساڵی رابردووو لەگۆڕنانی کلتوری بەعسی فاشی. ئەمە بۆخۆی دیفاع کردنە لە کلتورێك کە خەڵك لە 15 ساڵی رابردوودا کەللەسەرەکانی لەگۆڕنان بەڵام وادیارە کلتورەکە میراتگری زۆرە. دیموکراسی نایخوات، گوللە نەنێی بە خەڵکەوە باشترە لەوەی زۆر سووربن لەسەر دیموکراسیو مافی مرۆڤەکەتان!

**ئۆکتۆبەر: ئەنجامی خۆپیشاندانەکە چی بوو، جوابی دەسەڵات بە خواستەکانی خەڵك چیبوو؟**

عباس عەلی: بەڕای من خۆپیشاندانەکە دوو ئەنجامی هەبوو، یەکەم ئەوەی کە ئێمە ئەلگۆیەکمان نیشانی خەڵك دا بۆ بەدەستهێنانی خواستە بەرهەقەکانیان. هەموو خەڵك بەشێوەی جۆراوجۆر دەست خۆشی دەکەن وە ئەم داواکارییانە بە مافی رەوای خەڵکی دەزانن و بە مافی سەرەتایی خۆیانی دەزانن.. وەکاری ئێمە گەیاندنی ئەم شێوەیەی خەباتە بەدەستی ساحێبەکانی خۆی کە بەشی زۆری خەڵکی ستەمدیدەو بێمافی ئەم ناوچەیەیەو، نمونەیەکە نیشانی دنیاو ناوخۆمان دا، کە ئێمەش خوازیاری بەدیهێنانی خواستە سەرەتاییەکانمانین. بەم شێوەیە ئەمە بۆ ئێمە هەم خاڵی سەرکەوتنەو هەم وەکو خاڵێکی درەخشانی سەیر دەکەین. بەڵام ئەنجامی دووەمی ئەم خۆپیشاندانە کە بۆ ئێمە جێگای خەمێکی قووڵمانە ئەو برینداراتنیە کە بەدەستی دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیسی یەکێتی بریندارکران، بە ئەندازەیەك کە "کاروان حەسەن" برینەکەی هێندە قووڵە کە هەم بۆ ئێمەو هەم بۆخۆی تامردن لەگەڵیدایە چونکە لە ئەژنۆوە قاچیان بڕیوەتەوە..

لە ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانەدا وەزیری ناوخۆو چەند لێپرسراوێکی تر هاوڕێیانی ئێمەیان بانگهێشت کردو دوای گفتوگۆ بەڵێنیاندا کە خواستەکانی خەڵکی جێبەجێ بکەن.

دەتوانم ئەوەش بڵێم کە خاڵێکی تریش ئەوەیە کە خەڵکی ئیتر لە هیچ ناعەدالەتیو بێمافییەك خۆش نابنو شێوە خەباتی خۆیان دۆزیووەتەوەو لەم تەجروبەیەدا بەدەستیانهێناوە..

**ئۆکتۆبەر: بەرنامەی ئایندەتان چییە؟ زەمانەتی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵك چییە؟**

عەباس عەلی: پێداگری زیاترمان لەسەر ئەو دروشمو شیعارانەی کە لەو خۆپیشاندانەدا بەرزمان کردبۆوەو وەستانەوە لەبەرامبەر هەر گەندەڵیو فەسادییەك کە قورساییەکی گەورەی هەیەو ریسواکردنی لەبەرچاوی دنیاو ناوخۆداو وەستانەوە لەبەرامبەر هەر دیاردەو رێگرییەکدا کە رێگرە لەبەردەم بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگاو گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانداو پێداگری لەسەر رەفاهییەتو خۆشگوزەرانی خەڵکیدا.. تاکە زەمانەتی جێبەجێکردنی خواستەکانی خەڵك، تەنها جەماوەری ئازادیخوازو یەکسانیخوازی ناوچەکەیە، کە لەبەرامبەر هەر وەعدەو بەڵێنێکی دەسەڵاتدا هەرچی زیاتر تاکید لەسەر خواستەکانیان بکەنەوەو بۆ ساتێك فەرامۆشیان نەکەنو بە بەردەوامی خەڵکی لێئاگاداربکرێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: حکومەتو میدیاو راگەیاندنە حزبیو حکومییەکانی یەکێتیو هەندێك لە حزبە مووچەخۆرەکانی، لەدژی ئاژاوەگێریی خۆپیشاندانەکە وەستاونەتەوە کەوتونەتەکار، رای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

عەباس عەلی: هەڵبەت ئەوان کە بەرامبەر بە خۆپیشاندانی چەند هەزار کەس هیچ وەڵامێکی قانعکەریان بۆ ئەو خەڵکە پێ نەبووو لەبەرامبەر خواستە بەرحەقاکانیاندا دیموکراسییەکەیان تەحەمولی نەکردو بەگوللە رووبەروویان بوونەوە، ئاساییە کە ئەمڕۆش لە میدیاکانیاندا پەنا بۆ چەکی سواوی گێرەشوێنیو ئاژاوەگێری بەرن. ئەگەر بڕیارە داواکردنی (ئاوو کارەباو سوتەمەنی) ئاژاوەگێری بێت، ئەوا ئێمە ئەم ئاژاوەگێرییەمان قبوڵە. من دەپرسم داواکردنی ئەو مافە سەرەتاییانە ئاژاوەگێرییە یان تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵکیو بریندارکردنیان؟ ئاژاوەگێری ئەوەیە کە نانو ژیانی خەڵکی بەبارمتە بگریتو بۆ دەنگهەڵبڕینی خەڵکی لەبەرامبەر مافە سەرەتاییەکانیاندا، گوللە بنێیتە سەر سنگو قاچو بناملی خەڵکییەوەو شەلاڵی خوێنیان بکەیتو دواتریش نووسەرو میدیای رێگەپێدراو بکەونە هەوڵی شاییو لۆغانی ئاژاوەگێڕیو بەجێهێنانی ئەم ئەرکەیان، یاخود هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لەلایەن رێکخراوەکانیانەوە بۆ بەئاژاوەگێر لە قەڵەمدانی ئەم خۆپیشاندانە. ئەگەر پیلانێك لەئارادا نییە بۆچی لەلایەك لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە خۆپیشاندانەکە بەڕەوا لەقەڵەم دەدەنو لەولاوە بە هەموو شێوەیەك سەرقاڵی دژایەتیکردنو سیناریۆ دروستکردنن. یەکێك لەو سیناریۆیانە سپاردنی مەئمورییەتی بەگرتدانی من بوو بە کادرێکی یەکێتی نیشتمانی بەناوی عەتا محمد ساڵح کە درۆنامەیەکی لەدژم

دابووه دادگای کەلارو سەرەنجام کۆمەڵێك پۆلیس چواردەوری ماڵەکەیاندام و دەستگیریان کردم و بۆ چەندین سەعات لە پۆلیسخانە هێشتمیانەوەو دواتر بە کەفیلی بەریاندام. ئەم کابرایە داوایەکی لەسەر من تۆمارکردبوو کە گوایە رۆژی خۆپیشاندانەکە من لەپشتەوە زللەم لێیداوە، بەڵام دوای ئەوەی کە لە ئەنجامدانی مەئموریەتەکەی فاشل بوو خوای داوای ئازادکردنی کردم..

لە کۆتاییدا تەنها ئەوە ئەڵێم داواکارییەکانی خەڵك رەوایە، ناتوانن بە بەئاژاوەگێری لە قەڵەمدانی خۆپیشاندانەکە خۆیان لە جوابدانەوەی خەڵك بدزنەوە باشترە بۆ جارێکیش بێت گوێ بۆ قسەکانی خەڵکی شل بکەن و ئەو کەسانەی کە تەقەیان لە خۆپیشاندانەکە کردو ئەمری تەقەیان دەرکرد بدەنە دادگا.